# بردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغدا، کارێکە ئارامی کوردستان ئەشێوێنێت

هەردوو حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی ناوەندی عێراق، لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە دوو لیوای پێشمەرگەی کوردستان ببنە بەغداو ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق، لەپێناو بەشداریکردنیان لە نەخشەی پاراستنی ئەمنیەتی بەغدا. ئەمکردەوەیە وێڕای ئەوەی هەرگیز ناتوانێ زەڕڕەیەك لەئەمنیەت‌و ئاسایشی ئەوشارە بەرەوباشتر بگۆڕێت، هاوکات خۆی ئەبێت بەبەشێك لە نائارامی زیاتر. چونکە شەڕی نێوان هێزەکان لەبەغدا لەسەر بنچینەی تائفی‌و قەومی‌یە.

هەرچەندە ئەم بڕیارە چارەنوسسازەو بردنی ئەو هێزانە بۆ شەڕێکە کەشەڕێکی ڕەوا نیەو هیچ پەیوەندیەکی بەخواست‌و ئارەزوەکانی خەڵکی عێراق‌و کوردستانەوە نیە، هاوکات ئەبێت بەگەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان‌و کەس‌وکاری چەکدارەکان‌و خودی چەکدارەکان بێت. بەڵام بەوپێیەی کە هیچ پرس‌و ڕایەك لەمبارەیەوە بەکەس نەکراوەو پارتی‌و یەکێتی تەنها لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەم کارەیان ئەنجامداوە، بۆیە بڕیارەکەیان بەنادروست‌و دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان ئەزانین‌و، پێمان وایە کە لەم ڕێگەیەوە ئاگری شەڕی قەومی نێوان خەڵکی کوردستان‌و هێزو میلیشیاکانیتری عێراق خۆش ئەکات‌و، پارتی‌و یەکێتی بەرپرسی یەکەمی ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەم هەنگاوەن.

هاوکات بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان ئەکەین کە فشار بهێنن بۆ پارتی‌و یەکێتی کە دەستبەرداری ئەم سیاسەتە هەڵەیەبن. لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئیمزای ناڕەزایەتی‌و ناردنی نامەی ناڕەزایەتی بۆ ئەدرێسەکانی دەزگاکانی ئەو دووحزبەو پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم، وە بڵاوکردنەوەی ئەو ناڕەزایەتیانە لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و سایتەکانی ئینتەرنێتەوە، لەئاستی دەرەوەی کوردستانیش وێڕای بەشدارییان بۆ کەمپینی ئیمزا کۆکردنەوە، لەڕێگەی ناردنی نامەی ناڕەزایەتی‌و ئەنجامدانی کۆبونەوەی جەماوەری‌وناڕەزایەتیدەربڕین لەدژی ئەم بڕیارە لەبەردەم ئۆفیسەکانیان پەیامی ناڕەزایەتی خۆیان بگەیەنن، وە کەس‌وکاری پێشمەرگەکان‌و خودی چەکدارەکان ئەتوانن لەم مەسەلەیە دەوری گەورەو گرنگ بگێڕن لەشکست پێهێنانی ئەم سیاسەتەو، بەرگرتن بە ناردنی ڕۆڵەکانیان‌و، دورخستەوەیان لە نانەوەی نائارامی‌و پشێوی لەکوردستان. بەشداری کردن لە چالاکیەکانی ئەم کەمپینە بەڵگەی دڵسۆزی‌و بەخەمەوە هاتنی ئێوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی کوردستان.

## کەمپینی بەرگرتن بە نادرنی پێشمەرگە بۆ بەغدا

2007/1/10

---


**بۆپەیوەندی بە کەمپینەوە، ئەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن‌و ئەدرەس ئیمێڵانەوە بکەن:**

07702109205 **شاخەوان ناصح-زانکۆی سلێمانی/چەمچاڵ**

07701515059 **هاوبەش داود- قەڵادزێ**

07701521852 **زمناکۆ عزیز – سلێمانی**

07701533432 **ئازاد ئەحمەد- ڕانیە**

07702269059 **عەباس علی قادر -کەلار**

07701325656 **محمد عزیز- کەرکوك**

**Email: zmnaco@yahoo.co.uk**